تاراوگە
TARAWGA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam Holland

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەرئەچێت

25 September 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە ١١
ساڵی یەکەم 25 ئەیلولی 2018

# کۆمیسیۆنی ئاوروپا پاش 38 ساڵ گۆڕینی کات ڕەتدەکاتەوە 2020 بۆ دواهەمین جار کاتژمێرەکانمان دەگۆڕین




بڕۆکسل– ئیدی کۆتایی هاتوو بڕایەوە و کاتەکەش بەسەرچوو! لەدوماییدا یەکێتی ئاوروپا بڕیاری نەهێشتنی کاتی هاوینەو زستانەی دا ئیتر لەئاوروپا لەمەودوا تەنها کاتی هاوینە کاری پێدەکرێت،ئەمەش دوێنی بەڕێوەبەری کۆمیسیۆن "یان–کلاودە یونکەر ٦٣ساڵ" بەفەرمیی ڕایگەیاند،بۆیە ملیۆنان کەس بەم بڕیارە لە بارگرانیی گۆڕینی کات رزگاریان دەبێت. شیاوی باسە هەندێ لە ئەندامانی یەکێتییەکە لەگەڵ بڕیارەکەدانین، لەوانەش وڵاتانی وەک:–فینلەندو ئیستلاندو لیتوانیا،هەر لەبەرئەوەشە بەرواری کات گۆڕینەکە بەتەواوی دیارینەکراوەو ڕەنگە تا ٢٠٢١یش درێژە بکێشێت،بەڵام ئەڵمانیا لەگەڵ گۆڕینیدایەو راوێژکار ئەنگیلا مێرکل لەوبارەوە بڕیارە هەفتەی داهاتوو چاوی بە بەڕێوەبەری یەکێتی ئاوروپا یونکەر بکەوێت. لەڕاستیدا لە٤٠٪ ی وڵاتانی جیهان کاتژمێرەکانیان دەگۆڕن، بۆ نموونە:–لە ئامریکا و کەنەدا لەساڵی ١٩٦٦ەوە، کات پاش و پێش دەخرێت، ئەویش لەهەردوو مانگەکانی ئازار و مانگی نۆڤێمبەر، لەڕوسیاش لە٢٠١٤ەوە بڕیاری رەتکردنەوەیان داوەو چیدی کاری پێناکەن. جارێ لەچین هەرگیز کات پێش و دوانەخراوە، هەرچەند باسیشی لێوەکرابێت. لەکیشوەری ئافریکاش تەنها مەڕاکیش ونامیبیا بەردەوام و بەرێکی کات دەگۆڕن. لە ئامریکای باشوریشدا بەڕازیل و ئۆڕۆگوای و شیلی کاتی هاوینە و زستانەیان هەس. کات گۆڕین لەئەڵمانیا لەساڵی ١٩٨٠وە کاریپێدەکرێت. بەڵام سەرەتای مێژووی بیرۆکەکە بێگومان بۆ ماوەیەکی دوورتر دەگەڕێتەوە،ئەویش لەساڵی ١٧٨٤ بەڵام سەرەتای مێژووی بیرۆکەکە بێگومان بۆ ماوەیەکی دوورتر دەگەڕێتەوە،ئەویش لەساڵی ١٧٨٤ بوو کاتێک سیاسەتوانی ئامریکایی" بنیامین فڕانکلین "پێی وابووە گەر کات بگۆڕدرێت،ئەوا دەکرێ بەکاربردنی مۆم زۆر کەمتربێتەوە(مەبەستەکەشی ئەوەبووە بەهۆی کات گۆڕینەوە،دەکرێ زیاتر سوود لە ڕوناکی ڕۆژ وەربگیـــــــردرێت، بەمەش خەرجی مۆم ئاستەکەی دادەبەزێت)،هەرچەندە فڕانکلین ئەو پێشنیازەشی زۆر بەهەند وەرنەگرتبوو.

**کاتگۆڕین چی هێنا کایەوە؟**

مەبەست لەکاتگۆڕین پاشکەوتکردنی وزەیە، بەڵام تا ئێستا کەمتر ئەمە ڕوویداوە، ڕۆژانە لەهاویندا دەتوانین کاتژمێرێک زێتر چێژ لەتیشکی خۆر وەرگرین، بەڵام بەمە وزە پاشەکەوت ناکرێت. ڕاستە ئێواران کەمتر ڕووناکی دادەگیرسێندرێت، بەڵام لەبەرامبەردا لەسەرەتای ساڵ و لەپاییزاندا بەیانیان گەرمکەرەوە تۆڵەی دەکاتەوەو زیاتر بەکاردێت، بەمەش کاریگەرییەکەی هێندە نامێنێتەوە.بۆیەشە بەکاربەران هەروەک بەڕێوەبەرایەتی ژینگە روونیکردۆتەوە پاشەکەوت ناکەن وبنکەکانی خزمەتگوزایی وزەش ئەمەیان پشتڕاستکردۆتەوە، هەروەها کارگەکانی ئۆتومبێل وهێڵی ئاسمانی لوفتهانزەش هێندە گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە کەشایستەی گوتن بێت،ئەمەو گۆڕینی کات لەهێڵەکانی شەمەندەفەردا وادەکات لە 000 120 سەدوبیست هەزار وێستگەی شەمەندەفەردا کاتەکان بگۆڕدرێن،بەمە کۆتایی بەم کارەش دێت،لەرووی مرۆیی وراهاتنیان لابردنی باشترە،چونکە زۆرکەس هەیە بەهۆیەوە کێشەی تەندورستیی بۆ دروست دەبێت و هەست بەشەکەتی دەکات ولێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی ئەمریکاییش دەریخستووە کەبەهۆی کاتگۆڕینەوە،دروست رۆژێک دواتر رووداوەکانی کارلە ٦٪زیاتر دەبن. ئامارێکی گرووپی ئۆتومبێلی ئاوروپایی"ACE"ش نیشانداوە کەئەو هەفتەیەی دەمژمێر لەئەڵمانیا گۆڕدراوە رووداوەکانی هاتوچۆ ٣٠٪زیاتر بووە،هەتاوەکو لەدادگاکانیشدا رەنگیداوەتەوە:ئەو دووشەممانەی کەکاتژمێری تێدا گۆڕدراوە دادوەرە ئامریکییەکان بڕیارەکانیان توندرو سزاکانیان قورستربووە، لەچاو دووشەممەکانی تر! ماوە بڵێین ژمارەی جەڵتەی دڵیش لەرۆژانی گۆڕینی کاتی زستانە بۆ هاوینەدا رێژەکەی بۆ٢٥٪بەرزدەبێتەوەو لەکاتی دووبارە گۆڕین ونووستنی کاتژمێرێک زیاتردا جارێکیدی دادەبەزێتەوە بۆ ٢١٪!

سەرچاوە بیلد

ئیتر ئەوەتا وەک باسەکە دەریخست، هەربڕیارێک بەرلەوەی دەربکرێت پێویستەو دەبێ بەمشێوەیە لە هەموو ڕوویەکەوە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆبکرێت، ئینجا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، نەک بڕیار دەربکرێت و دواتر شتت بیربکەوێتەوە و دووچاری کۆمەڵێک ڕەخنە و کەموکوڕی وگرفت بێت، جا بوکێ دەگەڵ تۆمە و خەسوو گوێت لێ بێ!!!

**موزەفەر عەزیز– ئەڵمانیا**

# نوسینە مرواریەکانی بەکر شوانی




بەکر شوانی– ئەڵمانیا

## پەریی ئیلهام لای گۆران و پاموک

عەبدوڵا گۆرانی کورد نیو سەدە زیاتر لەمەوبەر لە شیعری "زەنگی پەستی"دا و لە ئاماژەدا بۆ پەریی ئیلهام دەڵێت:

کە دێ پەستم، کە نایە ئارەزووی دڵ
بە دوویـــــــــــا وێڵ ئەبێ: مەنزڵ بە مەنزڵ!






ئۆرهان پاموکی تورکیش ساڵی ٢٠٠٦ لە وتاری وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵدا بەم جۆرە باس لە پەریی ئیلهام دەکات:

پەریی ئیلهام کە بۆ لای هەندێک کەس هیچ نایەت و زۆر بەچڕی سەر لە هەندێک کەسی تر دەدات، حەزی لەو متمانە و گەشبینییەیە و ڕێک لە کاتێکدا دێت, کە نوسەر هەست دەکات لە ترۆپکی تەنیاییدایە و زۆرترین گومانی لە هەوڵ و خەیاڵ و نووسراوەکانی خۆی هەیە؛ واتە لەو کاتەدا کە نوسەر پێی وایە نوسینەکانی تەنیا چیرۆکی ژیانی خۆیەتی. ئا لەو ساتەدا پەریی ئیلهام دێت و ئەو بەسەرهات و وێنە و خەیاڵانە بە گوێی نوسەردا دەچرپێنێت, کە بۆ پێکەوە گرێدانی دنیای خۆی و ئەو دنیایەی خوازیارە بیئافرێنێت، پێویستن...

# کاڵەکی ڕووشە و ڕەنگی گیـــــا...

سەرەتا چەند زانیارییەک دەربارەی کاڵەکی ڕووشە...



ئەم جۆرەی کاڵەک کە بە کوردی کاڵەکی ڕووشە یان کاڵەکە ڕووشەی پێ دەوترێت، ناوە زانستییەکەی(Cucumis melo) یە و سەر بە خێزانی جۆرەکانی خەیارە. لە زمانەکانی ئەوروپادا ناوی (کانتالۆپ مێلۆنە)یە، ڕەنگی ناوەوەی پرتەقاڵییە و ڕەنگی توێکڵەکەیشی لە نێوان بێجی و قاوەییی کاڵدایە. ئەم جۆرەی کاڵەک بە ڕیشاڵەکان و ڤیتامین سی و بێتاکارۆتین دەوڵەمەندە.

کاڵەکی ڕووشە نزیکەی ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئێران چێنداروە و ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەریش گەیشتووەتە میسر و یۆنان. ١٧٠٠ ساڵ لەمەوبەریش بۆ یەکەمجار کانتالۆپی باکوری ڕۆما لە ئیتاڵیا چێندراوە. ئێستا بەشی زۆری جۆرەکانی کاڵەکی ڕووشەی بازاڕەکانی ئەوروپا لە ئیتاڵیا و ئیسپانیا و پۆرتوگال بەرهەم دەهێندرێت (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم لینکە).

https://de.wikipedia.org/wiki/Cantaloupe–Melone

لێرەدا دەمەوێت ڕایەڵەیەک لە نێوان تامی کاڵەکی ڕووشە و ڕەنگی گیادا دابنێم. دوای ئەوەی چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر کوردستانم بەجێ هێشت، وەک خوویەکی نهێنی لە هەموو شار و وڵاتێک سەرنجم لە سرووشت دەدا و لەگەڵ خۆزای کوردستان بەراوردم دەکرد. پاش وردبوونەوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوت، ڕەنگی گیا و گەڵای دارەکان ناچنەوە سەر ڕەنگی گەڵای دار و گیای دەشتەکانی گەرمیان و ناوچەکانی تری کوردستان. بێگومان دەمزانی هۆکاری ئەو جیاوازییە پەیوەندیی بە خاک و هەتاوەوە هەیە، بەڵام بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووم بە ڕستەیەکی پوخت و واتەدار، گوزارە لەو دۆخە بکەم، تا چەند ساڵێک لەمەوبەر لە دووتوێی کتێبێکی ئەڵمانیدا بە ڕێککەوت ئاشنای عەبدوڵای کوردستانی بووم و سەرنجم دا ١٦٤ ساڵ لەمەوبەر ئەو ئەرکەی لە کۆڵی من کردووەتەوە. ع. کوردستانی ساڵی ١٨٥٤ لە ناوچەیەکی ڕۆمانیای ئەم سەردەمە، لە گفتوگۆیەکدا بۆ نوسەر و ڕۆژنامەنووس و دیپلۆماتی نەمسایی مۆریتس هارتمان ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی، کە ڕەنگی گیا بە پێی زەویی ژێریان و ئاسمانی سەریان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت! (بۆ خوێندنەوەی بەسەرهاتی ع. کوردستانی و هارتمان بڕوانە، ژمارە 8 و 9 تاراوگە یان ئەم لینکە.!)

https://bschwani.blogspot.com/2017/10/blog–post_41.html

ئەم بۆچوونەی ع. کوردستانی بۆ تام و ڕەنگی هەموو جۆرە سەوزە و میوەیەکی تریش ڕاستە بە کاڵەکی ڕووشەیشەوە. لێرە هەر جارێک کاڵەکی ڕووشە دەکڕم، پێش ئەوەی چەقۆی لێ بنێم، کامێرای خەیاڵم فیلمی کاڵەکی ڕووشەی هەردەکانی گەرمیان دەهێنێتەوە بەرچاوم کە ڕێک وەک ئەو کاڵەکە قاوەییە کاڵەی دەستی گوڵ نەوا خاتوونی ئامۆزامە لە وێنەکەدا (وێنەکەم بە سوپاسەوە لە پەیجی کاک محەمەدی ئامۆزام وەرگرتووە.) بە هۆی بەکارهێنانی بڕێکی زۆر پەین و دەرمانی جۆراوجۆری کیمایییەوە کاڵەکە ڕووشەی بەرهەمی گێڵگەکانی ئیسپانیا و ئیتاڵیا زیاتر تامی گیراوەیەکی شەکر و ئاو دەدەن و هیچ باسێکیش لە بۆن و بەرامە نییە. بەڵام بۆن و بەرامە و تامی کاڵەکی ڕووشەی دێمەکانی گەرمیان جۆرێکە کە وێناکردنی بە وشە کارێکی ئاسان نییە. چارە هەر ئەوەیە خۆت بە دەستی خۆت بیڕنیت، چەند جارێک لە نێوان دەستەکانتدا بیهێنیت و بیبەیت، پاشان پڕ بە گەروو بۆنی بکەیت و ئەمجار لەجێدا شەقی بکەیت و تام و نۆشی بکەیت!

**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان.

# قەزای داقوق لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧دا

| یەکەی ئیداری | ژمارەی دانیشتوانی | ژمارەی ئاواییەکانی | ژمارەی دانیشتوانیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| داقوق | ١٩٨٧ | ٦٩ | ١٢٦٥٤ | ١٤٦٤١ |
| قادرکەرەم | ٦٢٠ | ٨٦ | ١٤٦٥٣ | ١٥٢٧٣ |
| خورماتو | ٦٣٧٠ | ٨٨ | ٢٣٣٠٥ | ٢٩٦٧٥ |
| کۆی گشتی | ٨٩٧٧ | ٢٤٣ | ٥٠٦١٢ | ٥٩٥٨٩ |

ئەم ئامارانەی لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ وەرگیراون. لە دەسپێکدا دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەو سەرژمێرییە ناتەواوی زۆری تێدایە. هەموو زانیارییەکانی بەوردی تۆمار نەکردووە، لەم بوارەدا لە گەڵ سەرژمێری ١٩٥٧ بەراورد ناکرێت. بۆ نموونە ئاماژەی بەپێکهاتەی نەتەوەیی یا زمانی دایکی دانیشتوانی نەکردووە، تەنها بە پێی ئاینیان تۆماری کردوون. هەرچەندە ئاماژەی بەژمارەی گوندەکانی سەر بەیەکە ئیدارییەکانی کردووە، بەڵام ناوی هەموویان تۆمار نەکردووە، پێدەچێت تەنها ناوی ئاواییە گەورەکانی تۆمار کردبێت. خوالێخۆشبوو عەلائەدین سوجادی، کە ئەو کاتە ماڵی لە بەغدا بووە، دەگێڕێتەوە کە ناونووسەکان ناهاتوونەتە ماڵەکەی ئەو و ناونووسیان نەکردوون، بۆیە دەپرسێت: ئەگەر ئەمە حاڵی بەغدای پایتەخت بووبێت، ئەو دەبێت لە شوێنەکانی دیکە چۆن بووبێت . داقوق ئەو کاتە قەزا بووە و لە ناوەندی قەزا و هەردوو ناحیەی قادر کەرەم و خورماتو پێکهاتووە، هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی خورماتوو(٦٣٧٤) کەس بووە، واتا سێ ئەوەندەی دانیشتوانی شارۆچکەی داقوق بووە، کە ژمارەیان تەنها(١٩٨٧) بووە. ڕەنگبێ هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە داقوق لە مێژوودا ناوێکی دیار بووە و لە سەردەمی عەبباسییەکاندا پێگەیەکی گرنگی هەبووە، تەنانەت کاتێ سەرچاوە مێژووییەکان باس لە کەرکوک دەکەن دەڵێن تەپۆڵکەیەکە کەوتووەتە نێوان داقوق و هەولێرەوە(أربل دواتر أربیل). خورماتوو دواتر کرا بە قەزا و داقوقیش بە ناحیە، بەڵام ئێستا جارێکی تر بووەتەوە بە قەزا .لە کاتێکدا دانیشتوانی شارۆچکەی داقوق ١٩٨٧ کەس بووە، دەتوانم بڵێم چەند ماڵێکی لێدەرکەی ئەوانی تر هەموویان تورکمانی شیعە بوونە، ئەو ئاواییانەی سەر بە ناوەندی قەزاکە بوونە، کە ژمارەیان ٦٩ ئاوایی بوو، تەنها دانیشتوانی ئیمام زەینەلعابدین، کە هەر بەئیمام نێودەبرا، تورکمان بوون و ژمارەیان ٣٥٥ کەس بوو. هەندێ ئاواییش وەک ئەلبومحەمەد، ئەلبونەجم، دەلس...تاد دانیشتوانیان عەرەب و کورد بوون، ئەوانی دیکە هەموویان کورد بوون. دانیشتوانی ئاواییەکانی کوردان بەژمارە زۆر بوون، تەنها وەک نموونە دانیشتوانی ئێنگیجە (١٠٦٦) کەس و زەند مەلا یوسف (٩١٧) کەس، واتا بە هەردووکیانەوە ئەوەندەی دانیشتوانی شارۆچکەی داقوق بوون. من بەمنداڵی لە ئێنگیجە ژیاوم تەنها یەک ماڵە عەرەبی لێبوو. بەگشتی ژمارەی دانیشتوانی ئاواییەکانی داقوق ١٢٦٥٤ کەس بوو، واتا شەش جار بەقەد دانیشتوانی داقوق .ناحیەی قادرکەرەم ژمارەی دانیشتوانی ٦٢٠ کەس بووە و ٨٦ ئاواییش سەر بەم ناحیە بووە، کە ژمارەی دانیشتوانیان ١٤٦٥٣ کەس بووە. دانیشتوانی قادرکەرەم و ئاواییەکانی هەموو کورد بوون.




نوسینی دکتۆر جەبار قادر

هەرچی شارۆچکەی خورماتووە ژمارەی دانیشتوانی ٦٣٧٠ بووە و ٨٨ ئاواییش سەر بەم ناحیە بووە، کە ژمارەی دانیشتوانی ٢٣٣٠٥ کەس بوون. لە خورماتوو بەخوارەوە کۆمەڵێ ئاوایی تورکمانی هەبوون وەک ئامرلی، بەستاملی، یەنگیجە و بابلان و گوندەکانی ناو بەیات زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانیان تورکمان بوون. بەم شێوەیە ژمارەی ئەوانەی لە شارۆچکەکانی سەر بە قەزای داقوق دەژیان ٨٣٥٧ کەس بوونە و دانیشتوانی ئاواییەکانیش ٥٠٦٠٧ کەس بوون.
هەموو بەسەر یەکەوە لە قەزای داقوق ٥٩٠٠٦ کەس ژیاون. هەندێ جار سەرژمێرییەکە ژمارەی هەندێ جیاواز لە مانە دەدات، کە پێموایە ئەمەش بەشێکە لە ناتەواوی و هەڵە و پەڵەکانی. ژمارەی موسوڵمانان لە قەزای داقوق بە ٥٨٣٨١ دانراوە، جولەکەش ٥٨٥ کەس بوونە کە زۆربەی هەرە زۆریان لە خورماتوو ژیاون، کرستیانەکان تەنها ٦٣ کەس بوونە. وادیارە کاکەییەکانی داقوق لە گەڵ موسوڵمانەکاندا ناونووس کراون .
پێدەچێت لە نێو دانیشتوانی شارۆچکەکاندا بەتایبەتی داقوق و خورماتوو ژمارەی تورکمان زۆرینەی ڕەها بێت. من لە پەنجاکان لە قوتابخانەی ناوەندی داقوق خوێندوومە، ئەو دەمە دانیشتوانی داقوق هەموو تورکمانی شیعە بوون لە چەند ماڵێکی کەمی بەکتاشی. بەڵام دانیشتوانی ئاواییەکانی بە ڕێژەی ٨٠٪یان کورد بوونە، هەرچی قادرکەرەمە بە ناوەند و گوندەوە هەموو کورد بوونە. لە بەر ئەوەی لە سەرژمێرییەکە باسی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان نەکراوە، بۆیە ئاسان نیە لێرەدا بەژمارە باسی کورد و تورکمان و عەرەب بکەین. لە هەموو حاڵەتێکدا پێموایە لەو ژمارەیە ژمارەی کورد پەنجا هەزار کەمتر نەبووە و عەرەب بە ژمارە زۆر کەم بوونە و هەندێ فەرمانبەری دەوڵەت و چەند ئاواییەکی لێدەرچێت لە هیچ کوێ نەبوونە.
لە بەشەکانی داهاتووی ئەم وتارەدا باسی قەزا و ناحیەکانی دیکەی کەرکوک لە کفری و چەمچەماڵ دەکەم.

سەرچاوە:
المملكة العراقية، وزارة الشوؤن الإجتماعية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لعام ١٩٤٧، الجزء الثاني، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء أربيل، بغداد ١٩٥٤.

# زانیاری پێویست سەبارەت بە کتێبی 'هەگبەی زانین' نوسینی د. سامالٚ مانیی




'هەگبەی زانین' پرۆژەیەکی نوسینی فەلسەفەیە بە زمانی کوردی، کە لە سێ کتێب پێکهاتووە و ناوەڕۆکەکەی تاوتوێکردنی پرسی 'زانینە' لە فەلسەفەدا، نوسەری 'هەگبەی زانین' ژنێکی کوردە: د. سامالٚ مانیی.

کتێبی یەکەمی 'هەگبەی زانین'، تایتڵەکەی بەم جۆرەیە: هەگبەی زانین کتێبی (١): خوێندنەوەی پیستیمۆلۆجی؛ پیستیمۆلۆجی کلاسیک. ئەم کتێبە لە سەرەتای مانگی (سێ) وە نێردراوە بۆ چاپخانەی سەردەم لە سلەیمانی بۆ بڵاوکردنەوە.

کتێبی دووەمی 'هەگبەی زانین' ماوەی کەمتر لە مانگێکە نێردراوە بۆ چاپخانەی مێخەک لە ناوچەی سۆران و وا بڵاودەکرێتەوە. هەردوو کتێبی یەکەم و دووەمی هەگبەی زانین لە پێشانگای کتێب لە هەولێر دەبن، لە ١٠ ی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، واتە دوو هەفتەیەکی تر.

کتێبی سێیەمی 'هەگبەی زانین' بەمزوانە دەنێرێت بۆ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە کوردستان.

د. سامالٚ مانیی

دکتۆرا لە فەلسەفەدا، پرۆگرامی فەلسەفە بەزمانی ئینگلیزی، ئەوروپا.

بەکالۆریۆس و ماجیستێر لە فەلسەفەدا، زانکۆی لەندەن.

دووساڵ مامۆستای فەلسەفە بووە لە زانکۆیەکی هەرێمی کوردستانی باشووردا.

ئەندامی هەمیشەیی کۆمەڵەی فەیلەسوفەکانە لە بەریتانیا.

ئەندامی لێکۆڵینەوەی باڵای فەلسەفەیە لە بەریتانیا.

ئەندامی کۆمەڵەی فەیلەسوفە ژنەکانە لە بەریتانیا.

تێکستە فەلسەفیەکانی بە زمانی ئینگلیزی لە ئەوروپا بڵاودەکاتەوە.

ئەو ڕشتە فەلسەفیانەی کە لێکۆڵینەوەی تیادا کردوون و گرنگیان پێ دەدات ئەمانەن: فەلسەفەی زانست و لۆجیک، فەلسەفەی زەین و ئاگایی و مێشک، فەلسەفەی زمان و مانا، فەلسەفەی پیستیمۆلۆجی کلاسیک و سۆشیال پیستیمۆلۆجی، فەلسەفەی جێندەر و کۆمەڵایەتی. گەرچی زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی زۆر باش دەزانێت بەڵام هەموو خوێندنی زانکۆیی و ئەکادیمی لە فەلسەفەدا بە زمانی ئینگلیزی بووە و تەنیا لە بەریتانیا و ئەوروپا بووە. لە بەریتانیا پێشینەی فەلسەفیی لە پانتایی فەلسەفەی ئەنەلەتیکدا بووە، پاشان بەمەبەستی فروانکردنی زەمینەی فەلسەفی خۆی، ڕووی کردۆتە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپا بە گشتی و لەوێ فەلسەفەی کۆنتینانتاڵی خستە سەر زەمینەی فیکریی خۆی. هەر لەبەر ئەمەشە نوسینی 'هەگبەی زانین' لە هەردوو پێشینەی ئەنەلەتیک و کۆنتینانتاڵ ئاراستە دەکات سەبارەت بە پرسی زانین، هەروەهاش هەندێک تیۆری لە سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی دەهێنێتە سەرباس، هەموو ئەمانە پێکەوە لەسەر زانین ئاڕاستە دەکات و لە هەگبەی زانین دا تاوتوێ دەکرێن. هەر لە ١٩٩٣ وە هەتا ئێستا و بەردەوام –تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە کوردستان مامۆستای فەلسەفە بووە– دانەبڕاوە لە بازنەی فەلسەفی و دیبەیتەکانی فەلسەفە لە ئەوروپا بەگشتی، بەشێک بووە لە دیبەیت و باسە گرنگەکانی فەلسەفە لە کۆڕ و کۆنفرانسەکاندا لە بەریتانیا بە تایبەتی.



د. سامالٚ مانیی

د. سامالٚ مانیی خۆی دەڵێت:

" لە باشوری کوردستان، لە لە گەڕەکی سەرشەقام لە سلەیمانی لە دایکبووم و هەر لەو شارەش گەورە بووم و ژیاوم (بەڵام خەڵکی هەموو کوردستانم) هەتا ساڵی ١٩٨٦ لە کوردستان ژیاوم. دایکم 'خاتوو ڕابی' ژنە سیاسیکاری شەستەکانی سەدەی ڕابووردوە لە شاری سلەیمانیدا ، باوکم مام عەلی یەکەم پیاوی مەزن بوو لە ژیانمدا، جگە لەوەی خۆی وەک پیاوێکی سەڵت بەخێویکردم، پاڵپشتم بوو لە هەنگاوەکانی ژیانمدا لە سیاسەت و پێشمەرگایەتیمدا. پێش ئەوەی وەک ژنێکی تەنها پێشمەرگە بم، یان بەرەو هەندەران کۆچ بکەم، هەموو ئەو کاتەی کە لە کوردستان بووم، بەشێک بووم لە هەموو ئەو ژینگە ڕۆشنبیری و سیاسیەی کە هەبوون بۆ ئازادی تاک وئازادی ژن و یەکسانی چینەکان و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد، بە تایبەتی لەناو شاری سلەیمانیدا. پاشان هەر لە هەشتای سەدەی ڕابووردودا، بە شوێن پێی ژنێکی کورد کە کاریگەری لەسەر دانابووم (دایکم)، بەهەڵگرتنی نازناوی دایکمەوە 'هاوڕێ ڕابی'، لەبەر کۆمەڵێک پرنسیپی گشتی و ڕۆشنبیری بە تەنیا خۆم ڕوومکردە ناو هەزران پیاوی سیاسی و پێشمەرگە، کە هەمووڵە دەوری سیاسەتدا کۆبووبوونەوە لە ناو چیاکانی کوردستاندا. سێ جار چوومەتە شاخ و بەڵام تەنها لە سێهەم جاردا زیاتر دەرکەوتم لەبەر ئەوەی زۆرتر مامەوە و یەکەم ژن بووم بچمە ناو مەفرەزەکانی پێشمەرگەوە، بەتەنها بەشداری شەڕەکانی پارتیزانی بکەم و بە تایبەتی لە تیپی ٢١ ی کەرکوکدا، پاش ئەوە دەستپێشخەریم کرد و یەکەم ژن بووم ببم بە کادێر و دەستم کرد بە کردنی سیمینار لە بواری سیاسەت و ئابووری و مێژوو، لەناو مقەڕەکانی پێشمەرگەدا و لەناو لادێکاندا، بەو جۆرە بەردەوام بووم لەگەڵ ناڕازی بوونمدا لەسەر زۆر مەسەلەی سیاسی و جێندەری، دەمزانی هەم تێگەیشتن لە مەسەلەی ژن و هەم پێگەی ژن زۆر سنوردارە، لە خەباتی کوردانەی باشووری کوردستاندا، لە شەستەکانەوە بۆ نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو.

# هەرسێ کتێبەکانی 'هەگبەی زانین' ئاستی بەرزی فەلسەفەی ئەکادیمیان پاراستووە و هاوتا و سەردەمن، لەگەڵ ئاستی فەلسەفەی زانکۆکانی بەریتانیا و ئەمەریکادا

پاش چەندین ساڵ وەکو ژنێکی تەنها لە پێشمەرگایەتیدا، هەر لە شاخەوە بە بێ ئەوەی تەسلیم ببمەوە، بەرەو هەندەران هاتم، بە تەنها و بە یارمەتی چەند هاوڕێیەکی پێشمەرگە و جوامێر، سوپاسگوزاری یەکێکیانم بە تایبەتی. وەکو ژنە سیاسیەکی تەنهای کوردی بە پەنابەر لە بەریتانیا گیرسامەوە و هەر لەماوەی دوو هەفتەدا، پەنابەریم وەرگرت و لە بیرمە پێیان سەیر بوو، ژنێکی تەنهای سیاسیکاری کوردی باشور داوای پەنابەری بکات لە بەریتانیا لەهەشتاکاندا، خۆیان پێیان گوتم. من ئەمجارەیان بەناوی خۆمەوە بووم، نەک بەناوی دایکمەوە، هەر لەوساوە لە بەریتانیا نیشتەجێ بووم و هەر ئەو وڵاتەش بوو بە مەنزڵگە و ماڵ و لانکی ڕۆشنبیری و فەلسەفی بۆ من. لە هەندەران لە ١٩٨٦ەوە بەردەوام بووم لە سیاسەتدا: هەم لە سیاسەتی کوردی و هەم لە سیاسەتی بەریتانیا، هەتا ١٩٩٣. لەو ساڵەوە بڕیارمدا بەیەکجاری واز لە سیاسەت بهێنم و ببم بە چاودێرێکی سیاسی نەک چالاکوانی سیاسی. هەر لە ١٩٩٣دا خۆم خستە ناو بازنەی فەلسەفەی ئەکادیمی لە بەریتانیا و هەر هەمان ساڵ بووم بە خوێندکاری فەلسەفە لە بەریتانیا و بەتایبەت لە زانکۆی لەندەن دا گیرسامەوە. پاش تەواوکردنی بەکالۆریۆس و ماستەر لە فەلسەفەدا لە زانکۆی لەندەن، یەکەم هەوڵم بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و بەتایبەتی بۆ مامۆستایەتی فەلسەفە لە زانکۆی سلەیمانی بوو لە ٢٠٠٣ دا، هەر لە منالیەوە ئەم زانکۆیەم زۆرم خۆش دەویست، داوام کرد و فۆرمم پڕ کردەوە و قەبوڵ کرام، سەرۆکی زانکۆکەش بڕیاریدا دامبمەزرێنن وەک مامۆستای فەلسەفە، بەڵام هیچ هاوکاریەکیان نەکردم، لە دابینکردنی شوێنی مانەوە گەرچی ژنێکی تەنیا بووم و خاوەنی یەک دینار و یەک بست زەوی و موڵک نەبووم لە کوردستاندا تێیدا بژیم و پێی بژیم، لەبەر ئەو هۆیەش بۆ من نەگونجا و ناچار بووم گەڕامەوە بۆ لەندەن. دووەم جار بەهەمان مەبەست گەڕامەوە بۆ کوردستان، کە بەشداری بە کوردی کردنی فەلسەفە بم لە کوردستاندا، ئەمجارەیان لەسەر داوای زانکۆیەکی تری هەرێم بوو، پێیان گوتم کە لە زانکۆی سلەیمانیدا بەشی فەلسەفە نیە- تا ئیستاش هەروایە ئەوەندەی من ئاگادار بم- ئەم جارەیان لە ٢٠١١ وە بۆ ٢٠١٣ مامۆستای فەلسەفە بووم لەو زانکۆیەدا. لە بەرەو کۆتایی ٢٠١٣ دا لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا بە زمانی کوردی دکتۆرا لە فەلسەفەدا ناکرێت – هەتا ئێستاش هەروایە – جاریکیتر ناچاربووم بگەڕیمەوە بۆ هەندەران بۆ خوێندنی دکتۆراکەم. هەر لە ٢٠١٣ وە بێ فەوتاندنی یەک ڕۆژ، دەستم کرد بە لێکۆڵینەوەی دکتۆراکەم و لە ئێوارەی نەورۆزی ساڵی ڕابوردوو(٢٠١٧) دا بە سەرکەوتووی تەواو کرد. ئەمانە ئەوسا بوون و بوون بە مێژوو، ئێستا پاش ئەو ئەزموونانە. لە ئێستادا یەک دوو پرۆژەی فەلسەفیم هەیە لە کوردستاندا ، ناردوومە بۆ یەکێک لە سەرکردە سیاسیەکان، و قسەشم لەگەڵ چەند سیاسیەکی تردا کردووە لەسەریان، نازانم ڕێگە دەدرێت پرۆژەکانم لە کوردستاندا لە بواری فەلسەفەدا بکرێت یان ڕێدەگیرێت. دەدرێن بەخەلکی تر بیانکات. نوسینی 'هەگبەی زانین' زەمینەی فەلسەفی دەڕەخسێنێت بۆ پرۆژەکانم لە کوردستاندا، وا بەرەو تەواو بوون و کۆتاییە. ئەڵبەت وەک دیارە مەبەستی پرۆژە فەلسەفیەکانم کوردستانە و هەموو پرۆژەکانم لە فەلسەفەدا ئاڕاستەی زەمینەی ڕۆشنبیری و هزراندنی فەلسەفی کورد و کوردستان دەبن." زانیاری لەسەر 'هەگبەی زانین' بە گشتی ؛ هەر سێ کتێبەکەی 'هەگبەی زانین' ئاڕاستەی چەند جۆرێک لە خوێنەری کوردە :چ لە کوردستان بن یان لە هەندەران، چ لە زانکۆ بن یان سەربەخۆ لە ماڵەوە بخوێننەوە:

(یەکەم ) ئەو ڕۆشنبیرانەی گەر لە کوردستان بن، یا لە هەندەران دەخوێننەوە و تینووی تێگەیشتنن لە فەلسەفە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنیان ناگونجێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆکان، یا لەبەر ئەوەی کە ئیشدەکەن و کاتیان نیە بۆ ئەوەی لە زانکۆکاندا بخوێنن، یا بەهەر هۆیەکی تر دوورخراونەتەوە و دوورکەوتوونەتەوە لە خوێندنی فەلسەفەی ئەکادیمی. 'هەگبەی زانین' دەکرێت وەک کۆرسێکی ئەکادیمی فەلسەفە لە ماڵەوە بخوێنرێتەوە.

(دووەم) ئەو ڕۆشنبیرە ئەکادیمیانەی کە لە کوردستان و لە هەندەران لە زانکۆکاندا لە بواری فەلسەفەدا دەخوێنن، 'هەگبەی زانین' وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی زۆر بەسودە لە خوێندن و تێگەیشتنیاندا، لەبەر ئەمانەیە کە هەموو باسەکان و ئارگیومەنتەکان و سەرنجەکان لە هەرسێ کتیبەکانی 'هەگبەی زانین'دا؛ گەرچی کورت و پوخت و ڕوون نوسراون، بەڵام ئاستی بەرزی فەلسەفەی ئەکادیمیان پاراستووە و هاوتا و سەردەمن لەگەڵ ئاستی فەلسەفەی زانکۆکانی بەریتانیا و ئەمەریکا و ئەو وولاتانەی کە بە ئینگلیزی دەدوێن و دەخوێنن و دیبەیت دەکەن لەسەر ڕووی زەویدا.

بۆیە هەر یەک لە سێ کتێبەکەی 'هەگبەی زانین' دەکرێت لە ماڵەوە وەک کۆرسێکی فەلسەفە بخوێنرێت. ڕووبەرێکی گرنگی بواری فەلسەفەیە.

زانیاری تایبەت بە کتێبی یەکەم و کتێبی دووەمی 'هەگبەی زانین' کە ئەم یەک دوو هەفتەیە پێکەوە بڵاودەکرێنەوە.

کتێبی یەکەم، تایتڵەکەی ئەمەیە: هەگبەی زانین: کتێبی یەکەم؛ پیستیمۆلۆجی کلاسیک.

لەم کتیبی یەکەمەی ' هەگبەی زانین' دا؛ ئەو ئارگیومەنتانەی کە هێناومنەتە سەر باسکردن و هەڵسەنگاندن، هەڵبژاردەیەکن لە دیبەت و سەرنج و پرسیار و باسە فەلسەفیە کلاسیکیەکەی ناو سێ بەشی فەلسەفە:

پیستیمۆلۆجی، لۆجیک و مێتۆدۆلۆجی، فەلسەفەی زانست. زۆربەی ئەو ئارگیومەنتە فەلسەفیانەی کە پەیوەندیان بە زانینەوە هەیە لە فەلسەفەدا، لەم کتێبی یەکەمەی 'هەگبەی زانین'ەدا هێنراونەتە سەر باس. کتێبی یەکەمی 'هەگبەی زانین' ە، دەچێتە خانەی پیستیمۆلۆجی کلاسیکەوە، تایتڵەکەی واتە ناونیشانەکەی بەم جۆرەیە:

مەبەست لە 'پیستیمۆلۆجی کلاسیک' لەبەر ئەوە نیە ئەم کتێبە خۆی قەتیس کردبێت بە سەردەمی فەلسەفەی یۆنانی دێرینەوە کە بە فەلسەفەی کلاسیک ناودەبرێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە، زیاتر خۆی لەگەڵ فەلسەفەی ئێستا هاوشانکردوە. هەروەهاش خۆی قەتیس نەکردوە، بە یەک بەشی فەلسەفەوە بەڵکو زەمینەکەی لە سێ بەشی فەلسەفەدایە: فەلسەفەی زانست، لۆجیک و مێتۆدۆلۆجی، پیستیمۆلۆجی پێکەوە. لەبەر ئەمانە خویندنەوەیەکی بە چێژ و ڕوون دەبێت، مەبەستی دەرخستنی ئارگیومەنتە چڕ و پڕەکانی فەلسەفەیە و تاوتوێکردنیانە سەبارەت بە 'زانین' لە هەگبەیەکی کورت و پوختدا.

کتێبی دووەمی هەگبەی زانین، تایتڵەکەی ئەمەیە: هەگبەی زانین: کتێبی دووەم؛ سۆشیال پیستیمۆلۆجی.

بابەتی ئەم کتێبەیان کە کتێبی دووەمی 'هەگبەی زانین'ە، تێڕوانینێکی جیاوازە بە بەروارد، بە کتێبی یەکەمی ئەم پرۆژە نوسینەم. 'سۆشیال پیستیمۆلۆجی' بابەتی تێڕوانینی ئەم کتێبەیە سەبارەت بە 'زانین'، ڕەوتێکی نوێی فەلسەفەیە، بە بەراورد بە ڕەوت و بەشەکانی تری فەلسەفە، لە ڕەخنەگرتنی پیستیمۆلۆجی کلاسیک زەمینەی خۆی دروستکردووە،

زۆرجاریش وەکو جێگرەوەی پیستیمۆلۆجی کلاسیک دەکەوێتە بەرچاو. کاریگەرییەکان لەسەر دروستبوونی ئەم ڕەوتە گەورە و نوێیە زۆرن، تەنها لە چەند دەیەی ڕابووردودا زەمینەی ئەم ڕەوتە هاتەکایەوە و خۆی وەکو بەشێک لە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی سەبارەت بە زانین و تاکی بیرکەرەوە ناساند، تاکی بیرکەرەوەی خستە ناو ژینگەی بەکۆمەڵیبوون و کۆمەڵگەی بیرکەرەوەکان.

لەم کتێبەی دووەمی 'هەگبەی زانین'دا مەبەستمە:


یەکەم هەندێک ئارگیومەنت لە دەرەوەی بواری فەلسەفە، لە ئارگیومەنتەکانی ناو بوارەکانی وەکو سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی، ئەوانەیان کە پەیوەندییان بە بابەتی بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگە هەیە، بەڵام مەسەلەی پێرسەپشن و کۆگنەتیڤی دەجولێنن و لەبەرئەوەی هەردوو پرسی پێرسەپشن و کۆگنەتیڤ پرسی فەلسەفیشن، دەهێنمە ناو باسەکەوە.

دووەم: هەندێک لە ئارگیومەنتەکانی فەلسەفەی کۆنتینەنتاڵ ئاڕاستەدەکەم لەسەر پرسی زانین، لەبەر پەیوەندییان بە بابەتی ئەم کتێبەوە؛ کە سۆشیال پیستیمۆلۆجیە. واتە ئەم کتیبە تا ڕادەیەک هەندیک بواری تری دەرەوەی فەلسەفە لەگەڵ دوو بەری فەلسەفەدا کۆدەکاتەوە: فەلسەفەی ئەنەلەتیک و فەلسەفەی کۆنتینەنتاڵ.

# ڕۆمانی (١٩٨٤) ی (جۆرج ئۆرویل). حیزب لە سیستەمی ناو ڕۆمانەکەی ئۆرویل ..!

## بەشی دووەم

عەبدولغەنی کاکۆ




حیزب لە سیستەکەی ناو ڕۆمانی ١٩٨٤ بۆ ئەوە نیە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببات و توانایەکانی تاک پەرە پێبدات، یان ببێتە قوتابخانەیەک بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ فراوانکردنی هیواو ئومێد و کارکردن لەسەر پرۆژەی وەرچەرخاندنی کۆمەڵ بۆ قۆناغێکی تازەی ژیان کە زامنی ماف و ئازادیی تاکەکانی بێت..بەڵکو حیزب لەم ڕۆمانەدا دەبێتە وەسیلەی لەباربردنی خەونەکانی مرۆڤ، حیزب لەوێدا تەنیا ئامانجی لەباربردنی کەسایەتی مرۆڤ و بەکۆیلەکردنیانە، حیزب وەسیلەی چاودێری کردنی ناحەزەکانیەتی، حیزب وەسیلەی تەقدیسکردنی سەرکردەی وڵاتە، حیزب وەسیلەی پەردەپۆشکردنی گەندەڵی و ناعەدالەتیە، سەرئەنجام حیزب لەم ڕۆمانەدا لە و خاڵەدا چڕدەبێتەوە کە دەبێتە دەزگایەک، مەکینەیەکی زەبەڵلاح بۆ سەرکوتکردن و ئەشکەنجەدان و لەناوبردنی هەر هزرو گومانێک کە تۆزقاڵێک لە هێلی حیزب جیاواز بێت..

گەندەڵی– منەت کردن– وروژاندنی ترس:

لەم ڕۆمانەدا حیزب وا لەمێشکی خەڵک دەچەسپێنێ وەک ئەوەی مێژوو لەمەوە دەستی پێکردبێت. حیزب هەمیشە منەت بەسەر خەڵکەوە دەکات کە ئەگەر ئەو نەبێت ئەوا ژیانی خەڵک ئێستا بەم جۆرە پڕ لە خۆشی و بەختەوەری نەدەبوو، کام خۆشی و بەختەوەری؟ سیستەمەکە هەتا بینەقاقای نوقمی گەندەڵی بووە، هەموو پێداویستیەکی ژیان لە قەیرانە، کاری دەوڵەت تەنیا بریتیە لە کەم کردنەوەی بەشی مانگانەی پێداویستیەکانی خەڵک، لەکاتێکدا بەرپرس و پایەدارەکانی حیزب هەموویان لە کۆشک و باڵەخانەی زۆر خۆش دەژین کەچی، خەڵک بەچەشنێک لە خزمەتگوزاری فەرامۆش کراون کاتێ بۆڕی ئاوی خانوویێک دەتەقێ، یان شووشەی پەنجەرەیەک دەشکێ ئەگەر خۆیان چاکی نەکەنەوە ئەوە دەبێ ڕەزامەندی لە دام و دەزگای دەوڵەت وەربگرن ئەوەش دووساڵ دەخایەنێ تادێن چاکی دەکەنەوە.(3)

حیزب هەمیشە خەڵک دەترسێنێ کە مەترسی دوژمنانی وڵاتیان لەسەرەو بۆیە دەبێ هەموو ملکەچی ڕەهای حیزب بن چونکە ئەوە حیزبە کە دەیانپارێزێت. ئاستی دیکتاتۆریەتی ڕەهای حیزب دەگاتە ڕاددەیەک کە جارێکی تر مێژوو بنووسنەوە، بە ئەدەبدا بچنەوە، تەنانەت چەمک و مانای وشەکانیش بگۆڕن. حیزب دەیەوێ تاکەکان لەڕێگەی بیروباوەڕێ توندو تۆڵەوە ملکەچ بکات بۆیە پێویستی بە هۆشیاری تاکەکان نیە، ملکەچی و بیروباوەڕی توندوتۆڵ Strenggläubigkeit واتە چیتربیرنەکردنەوە، واتە پێویست نەبوون بە بیرکردنەوە(4)

ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە:

لەناو ئەو دەوڵەتە پۆلیسییە بە ترس و ڕق تەنراوەدا، وینستۆن وەک کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەمێکە لەو سیستەمە ئازادی خنکێنەرەدا هەست بەبێزاری دەکات، تا سەرئەنجام لەگەڵ یولیا کە کچە ئەندامێکی کارای ناو حیزبە دەکەونە ناو پەیوەندیەکی خۆشەویستی، یولیاش هەر ڕقی لە حیزب دەبێتەوە، یولیا لەو کچانەی حیزبە کە پشتێنی سووریان بەستووە، کە بە پێی فەرمانی حیزب دەبێ دژی هەموو کردارێکی سێکسی خەبات بکەن، بۆیە یولیا لەگەڵ وینستۆن یەکەم هەنگاوی خەباتیان بە سێکس کردن لە دژی حیزب زۆر بە نهێنی دەست پێدەکەن. ئەم کارەیان درێژە دەکێشێ، هەتاکوو وینستۆن لەڕێگەی مەزەندەی هەڵەوە ئەم نهێنیانەی خۆی بۆ ئۆبراین دەدرکێنێ، ئۆبراین ئەندامێکی زۆر باڵای حیزبە و وینستۆن لە مێژە بە پێی لێکدانەوەی خۆی ئەوەی لە هەڵس و کەوت و هێڵەکانی دەم و چاوی ئۆبرایندا خوێندۆتەوە کە ئەمیش کەیفی بە حیزب نایەت. بەڵام لەمەدا بە هەڵە دەچێ و تێدەکەوێ، ئیتر ئاشکرا دەبێ ودەخرتە زیندانەوە و سەختترین تاڵاوی ئەشکەنجەی پێ دەچێژن، هەتا وای لێدەکەن هەرچی لە هەناویدا هەیە خاڵی دەکەنەوە دەیکەن بە کۆلکەیەکی بەتاڵ، تەنیا ڕواڵەتی مرۆڤی پێ دەهێڵنەوە، کە هیچ ویست و خواستێک، هیچ بیرکردنەوەیەک، هیچ هیوا و ئەندێشەیەکی تری نەبێت جگە لە ملکەچی ڕەها بۆ حیزب، بۆ سەرکردەی مەزن، بۆ سیستەمی دەوڵەت، سیستەمێک تەنیا خۆی لەنێو میزاج و هەوەسی سەرکردەی مەزندا بەرجەستە دەکات.


پەیامی ئۆرویل:

ئۆرویل لیرەدا دەیەوێت ئەوە بڵێ، کە هەڵکشانی قەیرانی حوکمڕانی لە دواجاردا ڕاستەوخۆ یەخەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە دەگرێت، بەچەشنێک کار لەسەر کوشتنی هەموو تایبەتمەندێەکی تاک دەکات، کاتێ هەموو تواناکانی دەوڵەت لەنێو دەستی یەک تاکە مرۆڤدا چڕ دەبنەوە، ئیتر هەوڵ دەدرێت تاکەکانی تر لە خودی خۆیان بەتاڵ بکرێنەوە، بەو مانایە نا کە هەر تەنیا ئازادی تاکەکەسیيان لێ سنوور دار بکرێ، بەڵکو تا ئەو ڕاددەیەی کە ئاراستەی ئەو ئازادییەیان بخرێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتەوە، کە ئەمە زۆر کوشندەترە لە بەرتەسککردنەوەی ئازادی مرۆڤ.

زەمینەی مێژوویی ئەم ڕۆمانە:

دیارە ئۆرویل کە وێنەی ئەو سیستەمە ترسناکە دەکێشێ لەخۆوە نیە زەنگی مەترسی بۆ داهاتوو لێدەدا، ئەگەر سەیری مێژووی نووسین و بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە بکەین دەبینین دونیای مۆدێرن لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی بەخۆیەوە بینیوە، کە هەژموونی خۆیان لەسەر هەموو هزرو بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیدا داناوە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر، سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئیتاڵیا، قەیرانی ئابووری لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا لەژێر سایەی فڕانکۆی دیکتاتۆر، دەسەڵات گرتنە دەستی نازیەکان لە ئەڵمانیا، دیکتاتۆریەتی




ستالین و سەرهاڵدانی شەڕی جیهانی دووەم ..ئەمانە هەمووی ئەوڕووداوانە بوون کە ئۆرویل لە گۆشەنیگای ڕەخنەگرانەی خۆیەوە کردوونی بە زەمینەی نووسینی ئەو ڕۆمانە.(5) فراژوو بوون و هەڵکشانی ئەزموونی تاک حیزبی کە خۆی لە بەهێزبوونی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئەورووپا بەرجەستە دەکرد، ئەو سیستەمانەی کە هیچ تروسکەیەکی دیموکراتییان تیا نەبوو، هەموو ڕەخنەو یاخیبوون و بیرکردنەوەیەکی جیاواز لەوەی هی دەسەڵات بە ناپاکی نیشتیمانی ڕاڤەدەکرا، هیچ حیسابێک بۆ ئازادی تاکەکەس نەدەکرا، دەسەڵات تەنیا کاری لەسەر تواندنەوەی تاک دەکرد لەناو بۆتەی سیستەمی ئاراستەکراو بە ئایدیۆلۆژیایەکی دۆگما. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەم سیستەمانە بەو ئایدیۆلۆژیایە هەمیشە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە فەریادڕەسی مرۆڤایەتین و دەبێ هەموو گەلانی چەوساوەی دونیا یەکبگرن و بێنە ژێر سێبەری ئەوان. بەمە هەتا دەهات مرۆگەلی ئەو دونیایەیان لە دەوری خۆ دەکردەوە، واقیعی ئەو گەشە کردنەیان پاڵنەری ئۆرویل بوو بۆ پێشبینی کردنی دیستۆپیایەکی تاریک و نووتەک کە تیایدا بە ئاشکرا هەست بە ئارستەی ڕەشبینی نووسەرەکەی دەکرێت. بەڵام ئۆرویل لە خودی خۆیدا کەسێکی ڕەشبین نەبوو، لەم ڕۆمانەشدا هەرگیز مەبەستی بڵاوکردنەوەی پەیامی ڕەشبینی نەبووە، ئەم تەنیا زەنگی ئاگادار کردنەوەی لێدەدا کە ئەم سیستەمانەی بەو چەشنە کار لەسەر تواندنەوەی خودی تاکەکەس دەکەن لە دووا وێستگەی پەرەسەندنیاندا بۆیان هەیە ئاوا بەسەر چارەنووسی کۆمەڵگەدا بهێنن ئەم دەیویست بلێ"هێشتا درەنگ نیە بۆئەوەی بە هەر شێوەیەک بێت فریای ئەو حاڵەتە بکەوین"(6) . ئۆرویل هەتا دوا ساتی ژیانی بەم هیواو ئومێدەوە ژیا. ئۆرویل لەم دیستۆپیایەدا ئەوە بە مرۆڤ دەڵێ ئەو سیستەمە دیکتاتۆریە جیهانگیریانە ئەگەر بۆیان بچێتە سەر دونیا بەرەو دۆزەخێک دەبەن کە هەرگیز مرۆڤ بە خەیاڵیدا نە هاتبێ، تەنانەت پرنسیپە مۆرالییەکانیش بە ئاراستەیەکی تەواو جیاواز لە خەون و ئامانجی مرۆڤایەتی دەگۆڕن، داهاتوویێک دێننە پێشەوە کار لەسەر ئەوە دەکات کە "دیکتاتۆریەت بۆ ئەوە سەرهەڵنادات تاکو پارێزگاری لە شۆڕشێک بکات، بەڵکو شۆڕش هەڵدەگیرسێنرێت تاکو حوکمێکی دیکتاتۆری بەرقەرار بکات"(7)

تێبینی: لەم نووسینەمدا پشتم بە چاپە ئەڵمانییەکەی ئەم ڕۆمانە بەستووە، چونکە ئەوکاتە نەکرابوو بە کوردی، بەڵام جێگەی خۆشحاڵییە کە ئێستا ڕۆمانەکە لەلایەن مامۆستا حەکیم کاکە وەیسەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، بەداخەوە بوارم نەبوو لێرە نوسخە کوردیەکە پەیدا بکەم، تا شوێنی لاپەڕەکان لە چاپە کوردیەکەدا بدۆزمەوە.

پەڕاوێزەکان:

1-George Orwell,1984, Deutsche Verlag, Stuttgart, 1981, S 135
2- George Orwell, 1984, S 69
3-George Orwell, 1984, S 24
4- George Orwell, 1984, S 56
5-Textanalyse und Interpretation zu George Orwell 1984, Maria Felicitas Herforth, Bange Verlag, 2013, Hollfeld, S14
6- Vision und Wirklichkeit in der Literarischen.
7-Utopie, S 105

## ناساندنی کتێبی

# پانۆرامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد



کتێبی (پانۆرامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد)، لە نوسینی مامۆستا نوری کەریم، کوتایی پایزی ساڵی 2016 لە سێ بەرگدا، لە چاپخانەی چوارچرا- لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراتەوە، بەم بۆنەیەوە، ویستمان نوسەری ئەم کتێبە، خۆی دەربارەی ناوەرۆکی بەرهەمەکەی بۆمان بدوێ بۆیە پەیوەندیمان پێوەکرد و بەرێزیشیان بە دڵێکی فراوانەوە تیشکێکی خێرای خستە سەر هەر سێ بەرگی کتێبەکە.

بەرگی یەکەم 155،895 هەزار وشەیە لە 480 لاپەڕەی قەوارە گەورەدا، بەرگی دووەم 137،334هەزار وشەیە لە 414 لاپەڕەدا و بەرگی سێیەمیش 99،776 هەزار وشەیە لە 342 لاپەڕەدا، هەر سێ بەرگەکە بەسەریەکەوە 1236 لاپەڕەی لەخۆگرتووە، بە قەوارەی 23,5×17سم. ئەم سێ بەرگە باس لە هەموو بوارەکانی مێژوو، جوگرافیا، ئاین و ئاینزاکان، زمان و زارزمانەکان، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد، کورد لەگێژەنگی ململانێی عوسمانی و سەفەوی(سوننەو شیعە)دا دەکات.. وەک نوسەر خۆی ئاماژەی پێدا، یەکەمین وشەی ئەم بەرهەمە لە ڕۆژی 20/5/2003 و دوا وشەش لە ڕۆژی 20/10/2010 لەئەڵەمانیا دەسنووس کراوە، دەسنووس کراوە، دواتر لە ساڵی 2011/2012 لە باشووری کوردستان تایپکراوە و لەکۆتایی 2013 دوە لەنۆرەی چاپدا بووە، لەبەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەو کاتانەوە هەتا کۆتایی 2016 بەدەم چاوەڕوانیی چاپکردنییەوە چەندین وشە، دەستەواژە، ڕستە، پەرەگراف و لاپەڕەی تریشی خراوەتەسەر یان لێی لابراوە.

بەرگی یەکەم ـ بەشی یەکەم:

پێکهاتووە لەم بەشانە:

قۆناغە سەرەتاییەکان و مێژووی هەرەدێرینی مرۆڤ، مێژووی دێریـــــن و نەژادی کورد، مێژووی دێرین و کۆچ و کۆچڕەوەکان بەسێ ئاڕاستەدا، هۆز و هۆزگەلەدێرینەکانی کورد، جوگرافیای کوردستان (نویشکێک)، چۆم و ڕووبار و گۆلەکان، زنجیرەچیاکان، چیرۆکەکانی تۆفان، کەشتیی نوح، گلگامش، کورد و یەزدانپەرستیی ـ ئاینەسنکریستەکان (ئاینەکانی کورد)، هێڵەدرشتەکانی ئاینی ئێزدی- یێزدیی، زەردەشت و ئاینی زەردەشتیی، حەوت شوێنەوارە سەرسوڕهێنەرەکە، دەوڵەتی ماد و تەمەنێکی کورت، کورد دوای هەرەسی دەوڵەتە تاقانەکەی لەمێژوودا، کورد و ئاینی ئیسلام، ماوەی فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی دەوڵەتی ئیسلام، دەوڵەتی ئومەوی، گەلانی موسوڵمان لەسەردەمی عەباسییەکاندا، خەلیفەمەئموون و گروپی موعتەزیلەبانگەشەئەکەن گوایەقورئان هەڵبەستراوە! ڕۆڵی کورد لەدامەزراندنی دەوڵەتی عەبباسیدا، خەلیفەکانی دەوڵەتی عەبباسی .

بەشی دووەم:

هێرشی تورکەسەلجووقەکان و جێگیربوونیان لە ساڵی 1019 ـ 1196 دا، کورد لە سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا، دەوڵەتەکانی باڵکان لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، داگیرکردنی کوستانتین، سوڵتان لە نێوان کەمالییەکان و هاوپەیمانادا، تورکیا لە نێوان رابوردوو و ئێستادا.

بەشی سێیەم:

ئێران لەکۆن و نوێدا، سەردەمی دەوڵەتی ماد هەتا کۆماری ئیسلامی ئێران، پێشەواکانی چوار ڕێبازەکەی موسوڵمانان، ویلایەتی فەقیە، ونبوون و دەرکەوتنەوەی ئیمام مەهدی، دەوڵەتەکانی ئێران 670– 1979، جەنگەکانی خاچپەرستان و صەلاحەدینی ئەیوبی، دەوڵەتی صەفەوی، میرنشینی ئەفغانەکان، کورد ڕاستەوخۆ لەنێوان ئێران و ئەفغاندا، دەوڵەتەکانی زەند، قاجار، پەهلەوی، سەرهەڵدانی شۆڕش لە ڕووسیا– مەنشفیک 1905، بەلشفیک 1917 بەسەرکردایەتی لینین، زەنگی مەترسی و هۆشیاربوونەوەی کوردی، خۆرهەڵات – شۆڕشەکەی سمکۆ، کەوتن و ریسوابوونی ڕەزا شا ی ئێران، خزمایەتی کورد و گەلی میصر، کۆماری کوردستان ـ مەهاباد، یەکەمین کابینەی وەزیرانی، دووا ڕۆژەکانی شای ئێران، تیرۆرکردنی مستەفا موسا – باوکی خومەینی و موستەفا- کوڕی خومەینی، ئێران ڕۆژێک بەر لەگەڕانەوەی خومەینی لەپاریسەوەبۆ ئێران.

ماوێتی

# چالاکییەکی ناوەندی ئامێز لە ئەڵمانیـــا

ناوەندی ئامێز ڕۆژی 2018/9/9 کۆڕێکی ڕێکخست، بۆ مامۆستا نوری کەریم، کە لەماوەی 3 کاتژمێردا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بۆ دیرۆکی دێرین و نوێی کورد پێشکەش، بە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئامادەبووان کرد و تیشکی خستە سەر چەندین گۆشە و چەمکی نهێنیی و شاردراوەی ڕوداو و بەسەرهاتەکان.

لەکۆتاییشدا ژمارەیەک لە ئامادەبووان کۆڕەکەیان، بەسەرنج و تێبینییەکانیان بەپێزترکرد.







## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



پرشنگ وەرزەندگان

لەدایکبووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شاری سنەیە...لە منداڵیەوە شەیدای وێنە و تابلۆکێشان بووە، لە ئەسفەهان و تەبرێز و تاران خوێندویەتی، هەر لەوێ ژیاوە و کاری هونەری کردووە و چەندەها پێشەنگای بۆ کارە هونەرییەکانی تێدا کردونەتەوە، لە ساڵی 1988ەوە لە هۆڵەندا دەژی.

پرشنگ بۆ فراوانکردنی زانیاری هونەری ڕۆژئاوایی و تایبەتمەندیەکانی دیکەی هونەری شێوەکاری و بوونی بە هونەرمەندێکی پسپۆڕ، لە چەندین قوتابخانە و ئەکادیمیای هونەری خوێندویەتی، وەک AKI، ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی ئەنیشخدەی ساڵی 1990. هەروەها کۆمەڵێک پڕوانامەی وەرگرتووە و لە بواری وێنە و وێنەی فۆتۆگرافی لە ساڵی 1995 دا لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتوو بووە. لە ساڵی 1996دا، بڕوانامەی لە بواری سیرامیک پەیەکارتاشیدا وەرگرتووە.

لە ساڵی 1997ەوە ئەندامی NVK ە و لە ساڵی 1990 ئەندامی کۆمەڵەی سیرامیکی هۆڵەندییە. پرشنگ لە زۆربەی گەلەرییە هونەریەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و یابان بە پێشەنگای هاوبەش و تایبەتی بەشداری کردووە.

لە ساڵی 1999، کارە سیرامیک و پەیکەرەکانی پرشنگ، لە لایەن گەلەری "Keranova II، وەک نەوەی نوێی سیرامیک" هەڵبژێردرا و ئەمەش ڕوداوێکی سەرەکی بوو لە بواری هونەری سیرامیکی نوێی هۆڵەندیدا. ساڵی 2005، خاوەنشکۆ شاژنی هۆڵەندا بیاتریکس پەردەی لەسەر یەکەم زنجیرە چل پەیکەرە برۆنزیەکەی پرشنگ لادا، کە ڕێکخراوی Leendert Vriel ئەنیشخدەی کارەکانی لە ئەستۆ گرتبوو، بڕوانە ئەم لینکە:

http://www.pershengwarzandegan.nl/joomla/



















# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807